گەڕانەوە بۆ ئاسوودەیی ... ڕزگار حەمە ڕەشید

١

هەوڵستە نوێکانی بەشێک لەو ڕەشنبیرانەی کە لە ئابردووەوا خاوەن پرۆژەی گرنگ بوون, پێویستی بە پێداچوونەوە و هەوڵستە کردنێکی جددی هەیە. چونکە مەترسی سەرەکی بەتەنیا ئەوە نیە کە حیزبەکان و سیاسیەکان چۆن بێباکانە چارەنووسی نەتەوەیەک بە بڕژوەندی خۆیان بەکار دەهێنن، بەڵکو بەهەمان ئەندازەش مەترسیدارە کاتێک ڕەشنبیران دەکەونە ناو یاریەکانی دەسەڵاتەوە.

لە کاتێکی پڕ لە شپرزەیی وەک ئێستای ئەو کایە ڕەشنبیری و سیاسیەی ئێمەدا، سیاسیەکان بەمەبەستی لەبارکردنی زەرتری زەمینە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو شتومەکانەی خۆیان، کە ئێمە پێیانەدەڵێین کەمەگا، هەموو ئەزمونێکی دیموکراسی و نادیموکراسی تاقیدەکەنەوە. ئێمەش بۆ ئاوەڵی زەرتری شەرعیەت بە قامچیەکانی خۆیان بدەن بۆ ئامکردنی پەنهانترین جیهانەکانی تاک وەک بوویەکی دەستەمۆکراو. ڕەشنبیرانیش زەرتری نوسینەکانی خۆیان کەدەرەنجامی خوێندنەوەو ئاڤەو ئامانەکانیانە دەخەنە پێناو ئەو سیاسیانەوە کە هیچ ئومێدێک لە کارو پرۆژەکانیاندا نادەزیتەوە بۆ ئایندە.

کاری ئەو ڕەشنبیرو نوسەرو هونەرمەندە حیزبیانە، ئەوەندە سادەو لاوەکی نییە وەك ئاوەڵی دەبینرێت، یان خۆیان پێیانخۆشە نیشانی بدەن. بەڵکو زەر کاریگەرە. لە مێژووی دوورو نزیکی حیزبەکاندا هەمیشە بینیومانە ڕەشنبیرەکان ڕەنیشاندەرو دەستپێشخەر بوون بۆ دروستکردنی کاریزماکان، ئەو کاریزمایانەی لەئەنجامدا بوونەتە میرو ئاغاو دیکتاتەرو هەمیشەش تێکەڵی دەستکەوت و قوربانیەکانیان خستەتە پێناو بڕژوەندیەکانی خۆیان و خانەوادەو بنەماڵەکانیانەوە. هەمیشە بۆ بیارە تاکەکەسیەکانیان گەورەترین زیانیان بۆ بوونی مرۆڤی ئێمە گیاندووە. کارساتێکە ئاوەیە، ئێم هاوڕە ڕەشنبیرانە، وەك سیاسیەکان، هەرگیز وانە لە ئەزموونەکانی پێشخیان و دەروبەریان نابینن.



سەرتا کە دەچێتە لای "سەرۆک" یان "ئەبەر" پێیوایە کە توانای دەستکاریکردنی نەخشەی بیرکردنەوەکانی ئەوی هەیە، دەتوانێت پرۆژەکانی خەی تەکەن بە پرۆژەکانی حیزب بکات و خۆنە شاعیریانەکەی خەی و هاوبیرکانیشی لەبیرگەی سەرکەوە بنێتە دی. بەردەام هەمیشە ئەو هۆشنبیرانە بوونەتە بەشێك لە پرۆژەکانی سەرۆك و لەو پێناوەدا، نێك قوربانییان بە خۆنەکانی خۆیان و هاوبیرکانیشیان داوە، بەڵکو بوونەتە پایەیەکی سەرکیش بۆ گەشەکردنی دیکتاتۆر. زۆر جار بەناوی بەڵایەنیەوە، گەورەترین گورزیان لە هەر پرۆژەیەکی سەربەخۆ وەشاندووە. بەناوی ئامانجەکانی شۆرش و عەدالەتی کۆمەایەتی و سەروەری نیشتمانی و ترس لە پیلانی دوژمنان و...هتد دژی هەر دەنگێك کاریانکردووە کە هۆخەی بنەڕەتی لە سیستەم دەگرێت. بە ئەوان، باڵکی خلیسکاوی ناو دەسەات لە هەر پرۆژەیەکی دەرەوەی ئەو باشترە. ئازیکردنی دەی هۆوتە ئیسلامیەکانیان بەاوە گرنگترە لە گوگرتن لە گەنجێك کە تا ئاستی نەفرەت لە هەموان بەزارو ناڕازیە، کە دەستبەرداربوون و گەیدەبوونی ناو سنوورەکانی پێ شیاوترە لە ژیانکی سەرشەانەی بەمانا. ئەو هۆوتە ئیسلامیانەی، کە قوربانییان بە هەموو بەها مرۆڤایەتیەکانیان داوە بۆ بەرژەوەندیە تایبەتی و سیاسیەکانی خۆیان. ئەو هۆوتە ئیسلامیانەی کە هەر ئەوەندەی دەرفەتێکیان بۆ هەخسا، دەنگکی ئازاد تیرۆر دەکەن. کە لەپناو بەرژەوەندیەکانی خۆیان و حیزبە دەسەاتدارەکاندا، کۆمەگا لە تاریکی و بێئاسایی و نائومێدی و نەخوەندەواریدا نغرۆ دەکەن.

هەرچەندە دواکەوتنی مووچە سووکایەتیپێکردنێکی ڕاستەوخۆیە بە ئیرادەو ژیانی یەك بە یەکی کۆمەڵگای ئێمە، بەڵام ئەوەشەوە کە مووچەخۆر نین، بەڵکو بەشێکی گەورەی مووچە سووکایەتیپێکردنێکی زۆر لەوە ناخۆشترو کارەساتئامێزترە . ئەو برادەرە لووتبەرزانەی کە لەو بانەوە فەرمانڕەوایی دەکەن، بچووککردنەوە و لووتشکاندنی هاوڵاتیانیان کردۆتە ئامانجێکی سەرەکی، چونکە ئەوە تەنیا ڕێگایانە بە درۆدان بەو دەسکەوتە نا مرۆڤانەییەی خۆیان. ئەوان بەوەوە ناوەستن کە بەشەرمانە و بەبەرچاوی هەموانەوە دزی لە پاروویەکی سەرجەم منداڵان و هاوڵاتیانی ئێم دەڤەرە دەکەن، هەڕەشەکوتنە سەر کارەکتەر و بوونی تەکەای تاکەکان و ڕێزانە بیریاندەخەنەوە کە لەم نیشتمانەدا لە کەلەو کەتکراو زیاترنین.

ئەم دەسکەوتە فاشیستە، زەرترین توانای خۆی لە ڕامکردنی تاکەکاندا بەکاربردووە. بە ئامێش، پەنای بە هەموو شێوازەکانی سیخوڕی و سەرکوتکردن و تیرەر بردووە. جگە لەوەی لەشکرێکی بەربادی میدیایی پێکهێناوە تا چاوبەستراوانە داکۆکی لە حیزب و فەرماندەو سەرکەکانی بکەن. تا خیانەتکانیانمان بە نرخی دەستکەوت و خەبات پێبفرۆشنەوە، تا سەرلەشێواندنێك بنەنەوە کەس نەتوانێت بگاتە کرۆکی ڕاستیەکان. بە ئامێش جگە لەو هەموو کەناڵ و پرۆس و لینکانەی بەناوی حیزب و حکومەت و بەڵایەنەوە دەستگیرۆیی دەکرێن، سیاسەتی کارکردنیان بە دا دەڕژرێت و لە کاروانی کەیلەکردنی کۆمەڵگەدا ئەرکی گرنگیان پێدەسپەردرێت؛ ئێستا ئەوەشی هاتۆتە سەر کە ئێندامەکانی خۆیان بەرداوەتە تەڵە کۆمەڵایەتیەکان و لەوێش هەمان ئاژاوەیان ناوەتەوە. ئەو ئێندامە بەڕێزانەش، وەك ئەوەی ڕێزێك لە ڕێزان، نەك بەهای کۆمەڵایەتی، بەڵکو بەهایەکیان بە خودی خۆشیان نەبووبێت، بەباکانە درۆ بەو یاریە دەدەن.




ڕۆژانە دەیانبینیت بە چەندین شێوە ماکیاژی خیانەت و گەندەڵیەکان دەکەن و خەیان قوربانی سەرەك و سەرکردە حیزبیەکانیان دەکەن، لەو لاشەوە هەرشەدەکەنە سەر هەر دەنگێك کە بە ئاوازەکەی ئەوان نایژەنێت. ئەم کارەش بە زمانەکی ئەقڵانی و ڕەخنەگرانە نا، بەکو بە زمانەکی زبر کە تا ئاستی هەنینەوەی جنێونامە پڵدەهاوێت، وەك ئەوەی ئەو بەڕێیەی لە بەرامبەر کەمینەت و پیاهەڵدان و هەرشەکاندا وەریدەگرن، بە نانەوەی زەرترین ئاژاوەی لاوەکی بپشورێت. دەست ئاوەژاکردنی ئەو هەموو چالاکانە لە تۆڕە کەمەڵایەتیەکانداو بوونی ئەو هەموو دەزگایانەی ڕاگەیاندن، جگە لەوەی مانەوەی ئەوانی فەرمانڕەوا مسۆگەر دەکات، باشترین ڕێگەی گەیشتنیشە بە بچووکترین خانەی کەمەڵایەتی. هەروەها ئاسانترین ڕێگایە بە سەرلەشواندن و لەبیربردنەوەی ڕووداوو کارەساتە گەورەو سەرکیەکانی ژیانی ئێمە. ئێمە جگە لە هەزاران ڕەکخراوی بەناو مەدەنی و حیزبی کە لەژێر چەندین ناوی جیا جیادا ئەرکی بەرپا کردنی کەرنەڤاڵەکانیان گرتۆتە ئەستۆ، کەرنەڤاڵی گردبوونەوە بەبەرهەمکانی وەك داکۆکی لە ژنان و ڕۆژنامە نوسان و بەدواداچوونی دەسیەکانی تیرەرو پشلکاریەکان و چەندین ناوی گرنگیتر. ئەمانە نەك بەو ئەرکەی خەیان هەڵناستن و نایگەیەننە ئەنجام، بەکو لە کۆتاییدا لە چوارچێوەی ئاهەنگ و کەرنەڤاڵەکاندا، ڕووداوەکە لە بارگەکانی خەی بۆتاڵ دەکەنەوە. بەمەش ڕووداوە بارگە لەداماڕاوەکە، تەنیا بە ماوەیەکی کەم لەیادەوەریدا دەمێنێتەوەو هیچ کاریگەریەکی لەدوا بڕیارنامەنێت. لە باشترین حاڵەتدا، ڕەنگە تا چەند ساڵەك مەراسیمی یادکردنەوەی بە بگیرێت و ئیتر وەك بەسەرچوویەك، وەك جەستەیەکی بەگیان، وەك مردوویەك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێت.

٣

ئەرکەکیتر کە ئەم دەسەاتە فاشیستە خستۆتیە ئەستۆی ئەو لەشکرەی میدیا، بریتیە لە داماڵینی مانا لە چەمك و زاراوە گرنگەکان، دابەزاندنی ئاستی گفتوگۆ و لەوردبوونەوەکان، بەووکەشکردنی بینینی دیاردەکان. بە ئەم مەبەستەش سوودی لە نزمترین شێوازەکانی گوزارشتکردن و نوسین بینیوە، چەندین بڕشایی فیکری و تەزی ناڕەشن دەکاتە دیاردەی گرنگ و، سەرجەم کەناڵە میدیاییەکانی پێوە سەرقاڵ دەکات. چەندین ڕەشنبیری کردەتە لەبووك و بە نرخی داهێنان بە کەمەڵگەیان دەفرۆشت. لە بەرامبەریشدا چەندین سایکۆپاتت هەیە کە چەڕ لە بینینی ئەو ڕەفتارە وەردەگرن، چونکە جگە لەوەی ئاسانترین ڕێگایە بە ناوبانگ، ئاسانترین شێوازی دابینکردنی بژێویشە. ئەو

بەڕێزانی ئەو ڕۆژنامەوانە وەردەگرن، تەنها بەوەوە ناوەستن بە باشترین شێوە داخوازی سەردارەکانیان جێبەجێ بکەن، بەڵکو داهێنانەکانی خۆشیانی تێکەڵ دەکەن. بەمەش تا ئاستێ ئاوێتە بوون لەگەڵ کارەکتەرە لەبووکئاساکەیاندا دەڕۆن و دەیانوێت درەکانمان بە حەقیقەت پێبگەنوێ. کە دەیانبینیت، پێتخۆش بوا بهێنیت کە ئەوانە گەلن، کەچی وەك تلیاك تێکەڵ بە مولوولە خوێنەکانی جەستەی کەمایەتیمان دەبن ، بە باشترین شێوە گەراکانیان لەو جەستەیەدا دادەنێن.



بەجۆرێك ئاگار لە ئان و ساتی خۆیشیدا کاریگەریەکانی نەبینرێت، ئەوا بگومان لە ئایندەیەکی نزیکدا نیشانەکانی دەردەکەون. چونکە مەکانیان هەیە بە ئاراستەی فەنتازیا و خەیاڵی لاوان و گەنجان دەهاون، ئەو هەمانەی بڕەو بە ئاژاوەکانی بیرکرنەوەو سەرلەشێواندن دەدەن، تا لە ئەنجامدا یان بیانکەنە ملکەچێکی بەمەشکی دەسەڵاتە بەبزەییەکانی ئەوان، یان ببنە موریدێکی نابینای ئیسلام و گرووپە ئیسلامیەکان. بەمەش جگە لەوەی مانایەك بە ئازادی و دادپەروەری و مافی تاك و هەبژاردن ناهێنەوە، هەر دەرفەتێکیش لەناو دەبن " ئاگار هەبێت" بە شیکار و خوێندنەوەی قووڵی ژیان و بارودۆخەکان. ئەوان بە باشی ئەوە دەزانن ئاگار بیرکردنەوە لە هووکەش تێپەڕێت، ئاگار دیاردەکان هەکەینیان لەسەر بکرێت و هەبوونەن و شیبکرێنەوە، ئەوا ئەو ژیانە شاهانەییەی ئەوان هەنگاوێك نزیکتر دەبێتەوە لە کۆتایی. بەیە هەوەدەن هەککەوتن لەگەڵ دوژمنترین و گەلترین مرۆڤکاندا بکەن و بیانکەنە کاریزماو شیکاری بارودۆخکانیان پێبنووسن. ئەو جارە لە شیکار کە تەنها خزمەت بە بڕژەوەندی دەسەڵاتداران دەکات. ئەو جارە لە نووسین، کە ئاگار هەخنە ئامێزیش بێت، ئارکی سەرکی ئەوەیە کە هەخنە بەبەها بکات. لە دووبارەکردنەوەی چەمکەکاندا بە چەندین شێوازی ناقەڵا و بە چەندین جار و چەندین مەبەست، ژیان لە واتا قووڵەکانی چەمکەکان

دادماڵت، دۆیانکاتۆ بابەتی وتراوو کول و دووبارە. بەمەش ئەو زەمینەیە فراوان دەکات کە دیاردەکان تەنها لە ڕووکەشدا دەهێڵتەوە، کە دەرفەتی پرسیار و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەبار دەبات. ئیتر دەبێت هەمووان بەیەك چاوو لێیك گۆشنیگاوە بڕواننە دونیا و ڕوداوو دیاردەکان، دەبێت هەمووان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی دەسەاتەوە ڕەخنەو خوێندنەوەکانیان دابڕژن.

دادوەری کوبانی ڕێگە لەدایکنەبووەکەم ... بڕیقان جەمال حەمە سەعید

"دادوەری کوبانی"، یەکێک بوو لە فلیمە دەکۆمێنتییەکانی ڤێستیڤالی جیهانی دووهەزار و شانزە لە شاری ئەمستردامی پایتەختی هۆلەندا، کە بە باشترین فلیمی دەکۆمێنتی هۆلەندی هەڵبژێردرا و خەاتی پێبەخشرا. هەر لەو پێوەندا، ئەم فلیمە یانزە جار لەو هۆلی سینەماکانی ئەمستردامدا، نمایش درا.
ئەم فلیمە لە دەرهێنانی ڕێبەر دەسکیێ (٤١ ساڵە) و بابەتکەی لەسەر هەرشی داعش بۆ داگیرکردنی کۆبانی و بەرەنگاربوونەوەی جەماوەری خۆکۆیەتی لەبەرامبەر ئەم هەرشەدا و ڕزگارکردنی. لەلایەک سیمای دیمەنی دڵتەزێنی شارێکی وێران و کاولکراو پیشان دەدات، کە چۆن لاشەی شەواو و پارچە پارچەی کراو لەناو داروپەردووی ئەم شارەوێرانەدا بە شێفل دەردەهێنرێن، لەلایەکی تریشەوە، هەزو توانای لێبڕنەهاتووی دانیشتوانی بەیان دەکات، کە چۆن زاڵ دەبن بەسەر ئەم بارودۆخە پێکارەساتە و چ هەوڵ و کۆششکی پڕزەحمەت دەدن بۆ دەستپێکردنەوەی ژیان و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە لەپاش ئەم هەرشە.

لە دیمانەیەکدا بۆ ئاوێنە، ڕێبەر دەسکی ئاماژە بەوە دەکات، "کە دەیەوێت لەڕێگای ئەم فلیمەوە، کۆبانی لە دوای کارەساتی جەنگ بە جیهان بناسێنیت، جێگەیەک کە لەکاتی ڕووداندا جەنگەکەدا، تەواوی زەمی کامێراکانی جیهان ڕووی تێکردبوو، سات بەسات ڕووماڵی ڕووداوە

پ تراجیدیەکانی دەکرد، کچی کوبانی دوای جەنگ، کاتێک کە خەڵکەکەی بە ئاوەدانکردنەوەی پۆیستی بوونەی هاوکارییە، کامەرکان باریان کردووە و جیهان لێی بێئاگایە.”
کچکی گەنجی کوردی تەمەن بیست و دوو ساڵ، دیڤقان کەکیی هەواڵنێر و بژەری وێستگەی ڕادیۆی کوبانی لەگەڵ هاوڕیەکیدا پڕۆگرامەکانی پێشکەش دەکات. ‘ڕادیۆی کوبانی’ لە زمانی ئێم بژارەوە، هەواڵی ووداوەکانی ڕۆژانەی شار، پێشنیاری جەنگاوەرانی کوبانی، هەلومەرجی ژیانی ئاوارەکان، خەڵک و جەنگاوەران دەڵێن چی، باو دەکاتەوە و جیهانی لێئاگادار دەکاتەوە و هەروەها لەگەڵ موزیک. لەپاش جەنگیش ‘ڕادیۆ کوبانی’ هێڵی خێی دەگۆڕێت لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و دابەشکردنەوەی هەکارکی ئارنی بە یەکێزی وسارتای دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ خەڵکەکەی.
دەسکی لە چاوپێکەوتنەکێیدا دەێیت: “لەم فلیمە دکومێنتییەدا، ژن کارەکتەری سەرەکییە، ژن لەناو جەنگ، ژن لە سەنگەرەکانی هەرە پێشەوەی بەرگریدایە لەبەرامبەر شاوای سوپایەکی دەندە، هەروەها ژن لە ڕۆژی پێشەوەی خەباتی یەکسانیخوازیدایە لەبەرامبەر کەلتووری پیاوسالاری. بەرگری لە باژێی کوبانی، ئیتر بەتەنیا کاری پیاوە جوامیر و ئازاکانی گەل نییە. بەکوو هاوکات و هاوشان، ئەرکی ژنە دلێر و نەبەردەکانیشە.

ژنانی چەکبەدەستی کوبانی بوون بە سیمبولێک کە هەموو ژنانی کەمەگایەکی پیاوسالاری لە وڵاتانی خەرهەلاتی ناوەراست، چاویان لێیەتی.”
دیڤقانی کەکیی بژێر خیاڵی لەلای منداڵ لەدایکنەبووەکیەتی، بەو وشانەی کە بوون بە وشەی سەردەم، نامەی بە دنووسێت و لە پڕۆگرامی ڕادیۆکێیدا دەیخوێنێتەوە. چیرۆکی جەنگاوەران و شەهیدانی خونناوی کەنان بە کەنانی داعشی بە باس دەکات. لەرەدا دیڤقان دەبێت بە دیڤقانی تواو، دەروونی پ لە ناسەر و بریندارەکی، یادەوەرییە پڕئازاراویەکانی و هەستی مرۆڤدۆستی بە جوانییەکی بوونێ و زمانپاراوانە دەردەبڕێت. دەنگی هەمن و ماتی، گەمەکە پر لە ئازار و حەسرەت، هاوکات هەر هەمان دەنگە کە ئومیدبەخش و کەنەدەر. پڕدەچێت لەو ڕۆگایەوە بیەوێت زاڵ بێت بە سەر بارودۆخەکەدا، ئامانج پرسەی هەوربوونەوەی خێیەتی، لە یەک کاتدا خێی تیغە و خشی بریندارە و ساڵژی بریندی خشی دەکات … لە پڕۆگرامەکەیدا ڕابوردووی خێ، مژووی شارەکەی و چیرۆکی ڕادیۆی کوبانی بە گشتە لەدایکنەبووەکەی دەگێڕێتەوە:
“گەڕەی من! گەڕەکی لەدایکنەبووەکەم! لە پانزەی ئەیلولی دوو هەزار و

چواردەدا، داعشی چەتە، وەک پەلە هەوڵکی هێش، کۆتنێ گیانی شارکەم، دەستی چەپەیان بێ درێژکردین، هەزارانیان لێئاوارە کردین. براکەم و باوکم لەگڵ هەزاران برا و باوکی تر لە بەرەکانی جەنگدان.

"ئەم چیرۆکە، چیرۆکی من و سەدانی وەکو منە، هاوڕێی منداڵیم شیرین حەسەن لە جەنگی بۆرگری کوبانیدا، کەوتە دەست تیرۆریستەکانی داعش، سەریان پەڕاند و لە مەیدانی جرابلس Jarablus هەڵیانواسی، ئیتر لەو ڕۆژەوە مرۆڤایەتی بێ من مرد و نەما، پێکەنینی ئەو، چاوەکانی، قژە جوانەکەی … من و شیرین بەڵێنمان بە یەکتری دابوو، کێ کوبانی ئازاد کرا، بێ چاوبڕکێ لەگەڵ کوڕان بچین بێ پارکی شار"
"ئەوەکەم! گەر بمتە دنیاوە، هەنگاو بە هەنگای خاکی من، دڵپی خوێنی هاوڕێی منی بە سەرەوەیە … ئەوەکەم ئومێد دەکەم ژیانی تێ لەم جیهاندا،ێ پێ خۆشی و شادی بێت" .

هەر چەندە شارەکە وێرانە و کەلاوەیە، دیۆقان لەناو ئەم هەلومەرجەشدا گەشبینە و بیر لە داهاتوو دەکاتەوە. لەگەڵ کچێکی تری هاوڕێی سەردانی پارک دەکات، لەگەڵ ئەو کوڕەی کە ئاشقی یەکتر بوون، ژیانی هاوسەرگیری پێکدەهێنێت.
هەر وەکو ئاوڕی لێبدەر دەدرێت: "لەم فلیمێ دکۆمێنتییەدا، دیوێکی تر وێنەی مرۆڤ دەبینین. چاومان بێ مرۆڤێک دەکەوێت لێ کەمەگایەکدا،ێ کە لەوپەڕی ستەمدیدەییشدا هەستی متمانە بەخۆبوونی نەدڕاندووە و بۆای تەواوی بە خۆی و ئیرادەی پاڵاینی خۆی، بە خەون و تواناکانی و بە خەبات و تێکۆشانی خۆی هەیە."

لێبەر دەسکی، جیا لەم بەرهەمە، چەند بەرهەمێکی تری هەیە:

mijn geluk in auschwitz(2012)،
lokroep(2013)
4Ever(2014)
One happy day (2015)
Paardenkracht(2015)
The Sniper of Kobani(2015)
Yezidi Girls(2016)
(Meryem de Commmandante (2016

دلاوەر رەحیمی راست دەکات … گۆڕانی ماجید

لەم ژانەدا لە وتەیەکی نووسیارو هزرمەند (دلاوەر رەحیمی) رادەمام کە بنی گرمکی بگەنی شەقاند، کە ئازارەکانمی توڕ توڕ دەکرد، لە لایەکی تریش کە خەنی دەکردم بە حەقبژێرەکەی، ئەو دەڵێت:
" خوێنڕانی باشوور نێ دەزانن ئەمان بخوێننەوە و بناسن و هەر دوای ناو دەکەون، نێ دەزانن سەیری فیلم بکەن و فیلم بناسن... کە وا دەڵێم مانای نەخوێندەواری نییە. بەڵام دەنیام نازانن ئەمان چیە. بە سەلیقەتاندا دیارە.. ئینجا کەسێک و دە کەس بزانن ئەوە ئیستسنایە.."
ئەم گوتەیە رەنگە تەرمەمەتری غیرەی هەندێك کەسانی کەلەلە بەش بێند بکات، وەکو گای ئیسپانی کە خێی بە زەران ئامادە دەکات هەم لە کونە لوتەکانیانەوە بێتە دەر، بەڵام ئەمە حەقیقەتێکەو پێویستە لەگەڵ تاڵیەکەیدا دانی پێدا بنێین، گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە دان بە هاستیدا بنێت ئەگەر دژی خۆشی بێت، ئەوە یەکەم خاڵی گەڵانکاری راستەقینە دەبێت لە شەڕشی هزرو مەعریفە کە نەخشەسازی کۆمەڵگایەکی ژیر و دادپەروەرو هوشیاری لێ بە ئاکام دەگات.

چونکە ئەلفوبێی ئەو کۆمەڵگایە دەیان ساڵە لە شوێنی خۆیدا نەماوەو شوێنراوە، ئەوانەی کە لە شاخ هاوەڵە دەسزو شەشگەڵەکانیان دەناردەوە شار بۆ ئەنجامدانی چالاکی و لەولاشەوە ژمێی داگیرکاریان لە شوێن و کاتی چالاکوانەکە ئاگادار دەکردەوە، هەر ئەوانەن ئەمڕۆ بە 3 مانگ چارەکە موچەیەك دەدەن بە هاوڵاتیانی ژێر ڕکێفیان و هەروەها لە شەوەڕۆکدا 3 سەعات ئەلیکتریکیان پێ دەدەن و لەولاشەوە وەکو دەوڵەتێکی ڕۆژئاوایی کە مافەکانی مرۆڤی تیادا بەرقەرارە و منداڵی ناو لانکەش موچەی هەیە، دەیانەوێت چاو لەوان بکەن و پارەی ڕشتنی خۆڵ و خاشاکیش لە خەڵکی چەوساوەو بێ موچە بسێنن. ئەمەیە لۆژیکی ئاغاو دەرەبەگ، مرۆڤەکان بە جۆوجانەوەر تەماشا دەکەن و خۆشیان بە گیڤاراو ماوتسی تونگ.

ئەوانەی لە ژێر سێبەری حوکمانی ئەو فیرعەونانەدا کتێب دەخوێننەوە دەبێ چی لێ تێبگەن و چۆن هەڵیبژێرن؟! فیرعەونانێك

کشکەکانیان لەسەر شۆوەی (زەکەر) دروست دەکەن و قاتی سەرەوەش دەسوتێتەوە، ئەمەیە سفرکردنەوەی بەهای شارنشینانی دەوری کەشکەانەکانی فەرخە فیرعەونەکان! ئەمەیە مادی عەقڵی هاوچەرخی کورد لە کوردستانی باشوور، دلاوەر رەحیمی راست دەکات و گەلە کامەی لێ مەکەن، بەسە ئیتر ئەو غیرە هەڵخەڵەتێنە تووڕ بدەن و بە نەفرەتی بکەن، با وەکو باپیرانەکەتان لێ نەکات کە بە دەرزیەك لە ئاسمانەوە کەوتە بن پێی جوتیارێکی گوند نشینی بە ویژدان و پاك.

ئەوەی چاپ دەکرێت و بڵاودەکرێتەوەو ریکلامی بۆ دەکرێت لەم فوتکراوانەن، ئەوەش رەسەن و جیاوازو ئەفرێنەر بێت لە کونجی زیندانی دەزگاکانی راگەیاندنە وڕۆژەییەکاندا لە گیانەڵای مەرگدا سیس و زەردو بێ هەناسە دەخنکێنرێن، ئەوانەش خاوەندارێتی و سەرپەرشتی کامەڵە وڕۆژەیی و دەزگاکانی راگەیاندن دەکەن هەر عەقڵیەتە شڤینی و حیزبیەکەی شەڵی ناوخۆیەو خەریکن بە شان و باڵای یەکتردا هەڵدەدەن و خۆیان بە سارتەرو کافکاو کامۆ نادەگەنەوە، تا مردن هەر موراهیقن و باشترین دەق لایان ئەوەیە باسی دڵداری و پڕن بکات، هەموو شتێکیش هەر لە سێنگەی رەنگی خوێنی دەمارەکانی حیزب و مەنسولەکانەوە دەبینن، هەر ئەو نووسەرە وەهمیانەش خەڵات دەکەن کە وەکو هەموو مادەکانی تر زۆرترین تیشکیان دەخرێتە سەر، لە کاتێکدا بۆ هەڵبژاردنی نووسەرانی شایستەی جیهانی بۆ هەر خەڵاتێك ، ئەوا پڕوەرە ئەکادیمیەکان وایە کە خەڵات دەدرێت بەو داهێنەرانەی تەنانەت زۆر خوێنەران نایانناسن و لە گۆشەیەکی لاتەریکی کوخەکانیاندا بەرهەمی رەسەن پێشکەشی شارستانی مرۆڤایەتی دەکەن.

منیش لەگەڵ دلاوەردا دەڵێم ئێستاش نەچووە بچێت با خۆمان بین ، با خۆمان فەرمات بکەینەوە،ئەمە خەڵەتێنراوین و خۆشمان هەڵخەڵەتاندووە، ئیتر بەسە کۆیلایەتی، با ببینە هەگری هزرێکی پێشکەوتوو و بابەتییانە، نەك چاولێکەری چەقبەستوو، خۆ ئەمە بەرد نین.. شەرمە ئیتر بەسە، هەرچی شتێك دەمامکدار بکرێت ئەوا ناتوانرێت ئەدەب و هونەر کێت و دەمامک و لغاو بکرێت، با بزانین خوێنەرانی راستەقینەی جیهانی و شەیدایانی پەتووك و داهێنان و شاکاری رەسەن لە جیهانداو لە ناو کامەگاکانی تردا کێن و چۆن، با چاو لەوان بکەین و ئەمە شەرم نییە، ئەو چاولێکەریە شەرمە لە پێشاك و رووکەش و شێوازی ژیاندا لە مەسئولەکان دەکرێت و قەدیش ناتوانن بگەن بەوان، چونکە ئەوان تاکە ئارەزوویان کێکردنەوەی ملیارەها دۆلارەو قومارکردنی پێشبڕکێی ئوتومبێلەکانی پێشبڕکێ

جیهانیەکانە.

کە ناچێت بە دەنگ دان ؟؟!! … ئامانج کەریم

لەدوای ئەم چەند ساڵەی ئابردو کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کەوتنە بەر لەشاوی قەیرانی سیاسی و قەیرانی سیاسیش دەخی نا هەمواری ئابوری خولقاند و حیزبە کوردستانیەکان بەتایبەت پارتی لەژێر دەمامکی کوردایەتی و دروست کردنی دەوڵەتی کوردیدا بە درێژدان بە حوکمی ناڕەوای بنەماڵەی بارزانی و مانەویان لە کورسی دەسەڵاتدا بە ئاچوغ کردن و دیزە بەدەرخانە کردنی سەروەت وسامانی نیشتیمان لەژێر زەبری قەڵەم ڕەی حوکمڕانی و پەرژینی هەزی چەکدار بە پەکخستنی پەڵەمان ئینتیمای تاکی کوردیان لاواز کرد بە پەسەی دیموکراتی و بەتایبەت تر لە سنوری قەڵەم ڕەوی یەکێتیدا و دەرچونی کاندیدی بزوتنەوەی گۆران بە پارێزگای سلەمانی و هەنانی ڕەژیەکی بەرچاو دەنگ و متمانەی جەماوەر بە لیستەکەو بە کاندیدەکەی کە دکتەر (هەڤاڵ ابو بکر) بوو بە حوکمی چەق بەستویی سیاسی و پەداگری یەکێتی و نەدانی پارێزگاری سلەمانی بە کەسی براوەی یەکەمی هەڵبژاردن و پاش سازانی سیاسی و ڕەکەوتن لە نەوان گۆران و یەکێتیدا بە دووساڵ و دواتر بە بەو بیانوی بەشای یاسای و کەشەی کورسی سەرکایەتی هەرەم کەلەلایەن بزوتنەوەی گۆرانەوە بە ماوە بەسەر چو ناوزەند دەکرێت کە دەبو پارێزگاری سلیمانی لە دوای تێپەڕ بونی دوساڵی یەکێتی فەرمانی سەرکایەتی هەرەمی بە دەربکرێت و بزوتنەوەی گۆرانیش سەرکی ماوە بەسەرچوی هەرەمی کوردستان کە مسعود بەرزانییە و لەهەمان کاتدا سەرکی پارتیش بە سەرکی هەرەمی نازانێت دوبارە لەو نەوەندەدا مافی کاندیدەکەی بزوتنەوەی گۆران کە دەرچوی یەکەمی پارێزگای سلەمانی بو بە جاری دوهەم ماف خوراو کراو نەکرایە پارێزگار لەم دیدانەوە خەکانکی زەر کە دەتوانم بەڵم بەڵگەی دەنگەکانی پارێزگار دەرچوەکەی هەڵبژێردراوی سلیمانی کە نەکرایە پارێزگار لە پەسەی هەڵبژاردن و بنەماکانی دیموکراتی و ئاەو گۆ کردن و دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەات مەئیوس و نا ئومەد بون و تەراون لە

هەبژاردنی ئایندە لای هەموان ڕونە دابەزینی ڕێژەی دەنگدەر و بەشداری نەکردن هەمیشە لە بەرژەوەندی دەسەڵاتە خەسڕەپن و دیکتاتۆرەکانە و بە بڕژداری نەکردنی خەڵکانی سادە و دەنگ خەڵەمێشیەکان و دەنگ ناڕازیەکان (ئۆپوجسیون) کەرفی دەنگ کەنکرێتیە بەستراوەکانی حیزبە دەسەڵات دارەکان بەرز دەکاتەوە و تەواوی ئەوانەی کە بەرژەوەندیان لە لایەن حیزبەوە پارێزراوە وەک موچەی حیزبی و ئیمتیازات و هتد کردنی مامەڵەی ڕۆژانە و هەتین چی و تەندەر چی حیزبی و مقاولی حیزبی و کەمپانیای حیزب و هەموئەوانەی کە لەڕگەی حیزبەوە بەرژەوەندیان پارێزراوەو بونەتە دەنگی کەنکرێتی دەسەڵات بەشداریەکی بەرچاوی پەسەکەدەکەن .. لەو نەوەندەدا دەنگی کام لایەن دا دەبەزێت ؟؟ بیر کردنەوەو هگا چارە چییە بە گەڕاندنەوەی متمانەی ئەو خەڵکانەی کە وا هەست دەکەن دەنگەکانیان بە فیڕۆ چو کە داویانە بە لایەنێک و کاندیدەکیان بە کردەتە کەسی یەکەمی هەبژێردراو و سیاسیەکان و خاوەن بڕیارەکانی ئەو لایەنە نیان توانی ئیستیحقاقی کەسی دەرچوی هەبژاردن و دەنگی هاوڵاتی بچەسپێنن ؟؟!! وەڵامەکەی بە سیاسیە باڵاکانی ئەو لایەنە جێ دەهێڵم

زیندووکردنەوەی هێکەوتنامەی ستراتیژی وگەڵانەوە بەخاڵی سفر ... ئەرکان محمد

وەک هەموان دەزانین لەدوای شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی وپارتی وبە کوشتدانی زیاد لە (30)هەزارهاوڵاتی وبریندارببونی دیان هەزارکەس و بەسەر و شوێن بونی هەزارەها هاوڵاتی وئاوارە بونی هەزارەها خەزان کە تاوانیان ئەوە بوو حەزیان لەهەنگی زەرد یاخود هەنگی سەوزبووە لە ژێرفشاردا پارتی لایەنگرەکانی یەکێتی ناچاردەکرد بەنە زەنی سەوز و بە پێچەوانەشەوە ئەمەش لە پێناو داهات و کورسی و دەسەڵات, بەهام دواجار ئەم دوو پارتە هەکەوتنەکیان ئیمزاکرد بەناوی (هەکەوتنامەی ستراتیژی) کە بە هەردوو حیزب بوە هەکاری سەرمایەداربونی سەرکردەکانی هەردوو حیزب و هەژاربونی میللەت،

چونکە لە سایەی ئەم هەڵوێستە کۆنەپارێزانەی نەوتی ژێر زەوی و دابەشکردنی دەسکەوتەکانی داهاتی ئەم وڵاتە بە هاوبەشی و کۆنترۆڵکردنی پڕۆسەی بڕیاردان لە گۆڕەپانی دەورووبەر بە بەکارهێنانیان بەرامبەر نەیارەکانیان لە هەرکات پێویست بکات ئەوەی جێگای باسە ئەم قەیرانەی کە لە ئێستادا بوونی هەیە دروستکراوەو سەپێنراوە بەسەرهاوڵاتیان وموچڕاندا لە ئەنجامی ئەم هەڵوێستە شومایەی کە چەندین ساڵە کاری پەدەکرێت ئەوەشی سەیرە هەرکات سەرکردەکانی ئەو دوو حیزبە دەدوێنێت پێت دەڵێن "سوپاسگوزاربن کە ئەمەڵکەوتین چونکە ئارامیمان بەرقەرارکردوو کەتایمان بەجەنگ هێناو چیتر کۆی خەڵک بەکوشت نادرێت" وەک منەتکێش کەتای هاتن بەشێی نەوانیان دەدەنەوە بەوەی هاوڵاتیاندا لەکاتێکدا دەبێت داوای لێبوردن بکەن لەم گەلە لە بەرامبەر ئەو هەزارەها سوکایەتیەی لەسەردەستی ئەم جووت حیزبە بەم گەلە کراوە لە ئابردووەدا.

یەکێتی لە ئابردووەدا ویلایەتی بارزانی درێژکردەوە بەنایاسای وەشتنەوەی لەسەرکورسی دەسەڵات بە ناشەرعی لە ئێستاشدا لە پلانی هەردوو لایەندایە کە بە جارێکی دیکە بارزانی بهێنەوە لەسەرکورسی دەسەڵات وهەنگاونان بۆچەسپاندنی سیستەمی دیکتاتۆری لەهەرێمی یەکێتی وپارتی لە ئێستاشدا بە هاوبەشی پێژیەکیان ئامادەکردووە بەنیازن نەچیرڤان بارزانی و مەسعود بارزانی بهێنەوە لەسەرکورسی وەک هەمیشەش یەکێتی پاشکەبەت وجێگری سەرکی هەرێم وجێگری سەرکی حکومەت وسەرکی پەرلەمان بدرێت بەیەکێتی ولە گەڵان وەربگرێتەوە ولەبەرامبەردا جێگیرکی تربەسەرکی حکومەت زیادبکرێت وبدرێت بەگەڵان ئەگەر گەڵان وەری نەگرت ئەوپەستەئەوا دەدرت بەتورکمانەکان کەئەمەش سوکایەتیە بەگەڵان لەسالی ئابردووشدا یەکێتی هێکەوتنکی لەگەڵ گەڵان ئیمزاکردوپاش تێپەڕبونی هەشت مانگ بەسەرئەوهێکەوتنەدا تائێستایەکێتی ئامادنییەک خالی جەبەجێ بکات چونکە هەمیشە چاوی لەوبوە بەرژەوەندیەکانی کەبریتین لەداهاتی نەوت وداهاتی ناوخۆ وداهاتی گومرگ لەگەڵ کۆنەهاوبەشکەی بپارێزێت وسیاسەتی دووفاقی پەیەوکردووە لەئابردووشدا کەوتە لەدوای ئاشکرابونی ئەم یاریەی نەوان یەکێتی وپارتی دەبەت گەڵان چیترەژوی بەدەنگی بشکێنێت وقسەی جدی هەبێت وچیترئاوابەدەنگ لەدوورەوەوەک منداڵکی بەدسەڵات تەماشانکات کاتێک یاریەکەی دەستی دشکێندرێت دەسەڵاتی نیە و بەس تەماشادکات ودگری.. ئێستاکەباسیەژانەدکەین کەئەو هێکەوتنەی تەدائیمزاکرا دەڵێن "ئەوەژانەی ئەمەیان وەران کردبەنام بەم هێکەوتنەنوێیەدەڵێن

ئاگر پەرستیم پلدانمە … دەقی : نەجاح ئیبراهیم … وەرگێڕانی : سەردار جاف

نکۆی لە تاودانی تینوێتیم ناکەم
هەموو پانتاییەکان بێ ئاون
تەنانەت ئارامیش هیشك هەگەڵا
گەواڵە تەڵی شاراوەی ناخم
دڵی شەیدا بوونی نەبوو
لە حەوشەیەکدا
مەیلەکانی نەدایە بەر دارخورمایەك
شەهێنیی حەسرەتەکان ناشارمەوە
سوتانی لە خوێنبەرانە
(هەما) و ڕشنایی ڕژ
زەیوانی پەنهانیم گوتی
تینوێتییەکی سەوز بەڕووەیە
هەر دەبێ بێت
لە بوونی هەورێکی پێ باران
ساتەکە سایەقەیە
ئاگر پەرستی ترس پلدانمە
دانەی کەسك شکێ بە تینوێتی دەدا
وشکایی لە بوونی بێندا دەکوژێتەوە
ساتەکە ژیایەوە
لە گەڵ یەکەم تڕپەبوونم
لە سەر مەچەکی ڕەشتاڵە
پیادەی شەیدایی دەکەم
ئای بێ مناڵی ئاونگ
قامەتی ئەفسانەیی ئەرخەوان ڕاست دەکەمەوە
لە ڕژنە بارانی هەورا

به خۆدا نەچوومەوە بزانم چیمە !!؟
شۆشكێ لە نەعنا
كە رابوونێك لە ناو بوون و لە بوندایە
لە مۆینە زیندە بەچاكردن نییە
لە گومڕاكانایە
ئەی بوون
چۆن ئاو دەكەپێ
لە پاش و پێشی تینوێتی دایدەبڕێ
ئاخۆ سەرگوزشتەی پلدانمت بۆ هات ؟
تینوێنییییی
چەخماخە زمانی كردەوە ؟!

مەست بوون تاساتی بۆ هیوایی..! سەروەركەریم ...

گۆی خاش خاش زیاد بوونن
تاهەموومان مەست بین.
ئەم زەمەنە هەمووی نائومێدی یە؟
لەم سەری شەقام ،تاكەتایی و بێ هەڵگرتنەوەیش
تەژیە بە ئازاری روح.
هەموو گیانەكان بە هەوەدایە!
بستێك باخچە نابینین هەناسەی گوڵی لێ بێت
هیچ بارانێك نامانشواتەوە..
زەمەنی بارینی ئاونگ بەسەرچوك..
هیچ دڵنگێك بەنی ژیانی لێ نایە.
ئێستەمە نیگای زنار بكەین ،
كەچاوانمان هەمیشە تاڵخ و تاریكە.
هەموو دڵگاكانمان بزركردووە،
ناگەینەوە بەئاستانەی خۆون.
هەموو كۆلكە هاوبەشكان جیابوونەوە
ماتماتیكی ژیانمان بە تەفسیرناكرێ .
دەمكە فیزیای ژیان ئیدمانی مەی بووە،

شیکاری هیچ گۆڕدیلێیەکمان پێی ناکرێ.
ئەندێشەمان تەژیێ بەبیری مەستبووین .
هیچ بەنەک ناناسین مادەی هەشبەر نەبێت .
خوێنمان خۆکەکانی بوون بە تلیاک و مەی!
کاسبووین وبە مروەت هەنگاو دەنێین.
هەموو ێیگاکان دەمانبەنەوە باخی گوڵ خاش خاشکان.
ناوی هەموو جۆرەکانی مەستیمان ئەزبەرکردوە..
بەس نازانین چۆن بگەیەنەوە ماڵی ناخمان .
لەم زەمانی داووخانی بوونەدا
چاوەوانی هاتنی هیچ بۆن و ڕەنگێک ناکەین .
ڕووحمان تەژی بکات بەئومێد.

هەڵەندا
٢٠/١/٢٠١٧

گەورەترین ناهەزایەتی ژنان ورپێوانی جیهانی لەدژی تەرەمپ سەرکی ئەمریکا! … نوری بەشیر:

ئەمڕۆ شەممە 21/1/2017 جیهان شاهیدی یەکێک لەگەورەترین ڕێپێوان و خۆپیشاندانی ناهەزایەتی ژنان وخەڵکی ئازادیخواز، بەدژی تەرەمپی سەرکی ئەمریکا بوو. دوێنێ هاوکات لەگەڵ مەراسیمی سوێندخواردنی یاسایی تەرەمپ و دەساودەستپێکردنی دەسەڵات خۆپیشاندان وناهەزایەتی جەماوەری بەووی هاتنەسەرکاری تەرەمپ 45 هەمین سەرکی ئەمریکا، ناوەندی شارەگەورەکانی وەک نیورکو واشنتۆنی گرت و وخەڵکی نازی جارکیتر دەنگی ناوتنیان بەترامپ بەگوێی کەمەگای بەشەریدا دایەوە. بەتام ناهەزایەتیەکانی ئەمڕۆ زۆر بەوێنەو گەورەتر هاوکاتی هاتنەمەیدانی خەڵکی نازای لەواشنتۆن کەنیو ملیۆن کەس بەشداربوون لەخۆی نمایشکردەوە وزیاتر لە 600 شاری تر لەئەمریکاو وڵاتانی جیهانی گرتەوە. ئەگەرچی ئەم خۆپیشاندانانە لەژێر ناونیشانی ڕێپێوانی ژنان دا ڕاگەیەنرا، بەڵام هاوکات پیاوانی

یەکسانی خوازو ئازادیخواز بەشداریان تێدا کرد.

شایانی باسە خۆپیشاندان وناڕەزایەتیەکان، بەجیا لەواشنتۆن کەنیو ملیۆن کەس بەشداری تێدا کرد، لەشارەکانی بۆستن، نیویۆرک، شیکاگۆ و لۆس ئەنجلوس بەڕێپۆوانی گەورەوە دەرکەوت وە لەزۆریکی تر لەشارەکانی ئەمریکادا خۆپیشاندانی ناڕەزایەتی و ڕێپۆوان ئەنجامدرا. هەروها لەزۆرێک لەشارەکانی تری وڵاتەکانی دنیادا ڕێپۆوان و ناڕەزایەتی سازدراو لەم شارانەی تری دنیادا بەگەورەیی ڕێپیوان خۆی نیشاندا وەک " لەندەن، سدنی، بەرلین، تۆکیۆ، پاریس و باشوری ئەفریقا. هەروەها ڕێپۆوانی لەندەن سەد هەزار کەس بەشداری تێداکرد کە لەدوانزەی نیوەڕۆوە کۆبونەوەو ڕێپیوانی ناڕەزایەتی دەستی پێکرد تا دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ 3:30 ی دوانیوەڕۆ کەخۆپیشاندانەکە لەناوەندی شاری لەندەن لە کاتژمیر 2 وە سەرەتاکەی گەشتبوو، کۆتایی ڕێپیوانەکە کۆتاییەکەی نەگەشتبووە ناوەندی شاری لەندەن.

ئەوەی لەم ڕێپۆوان و ناڕەزایەتیانەدا دەرکەوت و بەرچاو بوو، ڕاگەیاندنی ڕێپۆوانەکان لەلایەن ڕۆکخراوەکانی ژنانو لەژیر ناونیشانی ڕێپیوانی ژناندا بوو، بەڵام بەملیۆن لەپیاوانی یەکسانیخوازو ئازادیخوازو سۆسیالسیت بەشداریان تێداکرد. بە هەزاران لە کەسایەتی بەرچاوی جیهانی لەئەکتەرو نوسەرو رابەرانی کرێکاری و کۆمۆنیست و ئینسانۆست و فمینست بەشدریان تێداکرد.

ئەمۆ فەزای ئەو شارە گەورانەی دنیا فەزای ژنانی ناڕازی بەترەمپ و دنیای سەرمایەداری دەسەڵاتە نا یەکسان و دژی ئینسانی بڕژوازی و حکومەتەکانیان بوو، لەوتنەوەی شیعارەکانیان، بەرزکردنەوەی پلاکارتەکانیان و قسەوباسی رابەرانی ژناندا لەکۆبونەوەکانیاندا لەناوەندەکانی شاردا ئیشارەیان پێدا، کەبەدەیان هەزار پلاکارت بەشیعاری دژی راسیستی و دژی ژن و دژی پەنابەری تەرەمپ بەرزکرابوونەوە.

ڕێپۆوانی ناڕەزایەتی ژنان لەمۆدا دژی تەرەمپ و دەسەڵاتە بڕژوازی و سەرمایەداریەکەی خۆی و سەرجەم نەهامەتیەکانی کەئەمجارە دەسەڵاتانە بەسەر کۆمەڵگای ئینسانیدا هێناویانە، ئەمە پەیامی بەرەی ئازادیخوازو مرۆڤ دۆستە بەدژی زەلکاوێک لەسیستەمی سەرمایەداری دروستیان کردوە، ئەم ڕێپۆوانانە راستی ئەوە دەسەلمێنێت کەدنیای سەرمایەداری ئەمۆ بەدەست کەمایەتیەکی مافیاو تاڵانچی و لۆمپێنی وەک ترەمپەوەیە، کەبەدژی زۆری زۆری کۆمەڵگان،

کەئەوانە دوورونزیک دیفاع لەترەمپ دەکەن دەبێ بێن. ڕۆپیوان و خێپیشاندانی ناەزایەتی ئەمڕۆ تەنیا پەیام نەبوو بۆ ترەمپ و دەسەڵاتێک وەریگرتووە، بەڵکو بۆ سەرجەم نیزامی سەرمایەداریە کەکێمەگای ئینسانی لەشەو کوشتارو برسێتی و کاولکاری و تیرۆردا ڕاگرتووەو دەبێ بڕوات. ڕۆشتنی هەموو ترەمپەکان و دەسەڵاتەکانیان بەستراوە بەهێزی ڕێکخراوی چینی کرێکارو وشیاری چینایەتیەوە لەژێر سایەی بیرو بۆچونی سۆسیالیزم و کۆمۆنیستیدا.

ئیشی من ئۆیێ بگەرِمۆ بۆ رابردوو … ئازاد بۆهین

1

ئیشی من ئۆیێ بگەرِمۆ بۆ رابردوو
پشت لە ڕۆژێ تاریکەکانی مێژەرِنیتێ بکەم
لە ماڵەکەماندا چرا هەڵبکەم
کەمتر بچمە دوکتۆر و بۆر ئاوێنێ
خێم کەم بخەم، پرِتەقاڵ و بەستەنی زۆر

2

ئیشی من ئۆیێ بگەرِمۆ بۆ مناڵی
بتوانم زیاتر هەڵێ بکەم، خێم بدەمە دەست قەدەر
زیاتر سێیری مردنی هەتاو بکەم، مرۆڤەکان کەمتر
هالآوی جەنگەکان کەمتر ببینم، ددانەکانی دونیا کەمتر بژمێرم

3

ئیشی من ئۆیێ بگەرِمۆ بۆ رابردوو
دەنەوایی ئۆو گەلآیێ بدەمۆ کە پاییز زەرد نەبوو
لەو مراویێ خۆاوانێ برِوانم کە بە لای خانووێ رووخاوەکاندا
تێدەپەرِین
نیگەران بم بۆ سەفەری گەرمەنی باشندەکان…
نیگەران بم بۆ سەفەری دووری گەلآیەك لە ئاودا!

4

ئیشی من ئەویە بچمەوە دەشتەکان
سەیری ئارام رەیشتنی دانە گەنمەك بە کە مەرووڵیەکەوە بکەم
ئاسمان بجوڵنم لە گەماوەکاندا
شەوان لە سەر باقە گەنمەکانی باوکم ئەستێران بژمێرم
بە خشپەیەك کەتایی بە جریکە جریکی سیسرکەکان بڕنم!

5
ئیشی من ئەویە بەیانیان بچمە قوتابخانە
ئەواران لە مەزرا بەمەوە
بە مەسینەیەك ئاو بکەم بە دەستە قەیشاوەکانی باوکمدا
نەهێم گەچانەکەی لە دەست بەر بتەوە
نەهێم ئەو حەبانە
درەنگ بە دایکم بگەن!

6
ئیشی من ئەویە راهیبەیەك بم لە کەنیسە
لە گەلآی وەریوی موقەدەسات پەنجرە بهەنمەوە
شەو خەون بە ریشەکانی ستیانەکەتەوە ببینم
بەیانی حوکمی دەرکرانم ببینم!

7
ئیشی من ئەویە بزانم کاتێك
پەلآوەکانم رەشە
جلەکانم رەشە
ژیانم رەشە
بیرکردنەوەم رەشە،
بۆچی سەروریشم سپی بووە؟!

8
ئیشی من ئەویە بگەڕمەوە بە مناڵی
لە مانای کات بە ئاگا بم
لە قاتی سەدەمی خەیاڵأ دەستت بگرم
پەنجەی بچووکی دەستم بخەمە پەنجەتەوە
خاك بم لە گەت!

9
ئیشی من ئەویە بچمەوە جەنگ قاچەکانم بدەزمەوە
بچمەوە سەنگەر بە دووربین سەیری بەختم بکەم

کە پێك گەیشتین نەهێم رێگا رێیشتنم بیر بچێتەوە
نەهێم ئاوێنەکان پێچەوانە نیشانم بدەن.